**حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**
**ئەنجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان**
**بەڕێوەبەرایەتی پێداگۆجی و خولەکان**

**حكومة اقليم كوردستان - العراق**
**مجلس الوزراء**
**وزارة التعليم العالي و البحث العلمي**
**دائرة البحث والتطوير**
**مديرية البيداغوجي والدورات**

ژمارە: ٢٧٧٢
ڕێکەوت: ٢١ / ٢ / ٢٠٢٤ ی زایینی
١٢ / ٢ / ٢٧٢٣ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٤

**بۆ / سەرۆکایەتی گشت زانکۆ حکومییەکان / نووسینگەی بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا**

**ب / دیدارەکانی خولی ڕاهێنانی سێیەمی پێداگۆجی**

**سڵاو و ڕێز...**

دوا بە دوای فەرمانی وەزاری ژمارە (٥٩٧٩) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/١١/١٣) سەبارەت بە سێیەمین خولی ڕاهێنانی پێداگۆجی بۆ مامۆستایانی ڕاهێنەر بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆی (HAMK) لە وڵاتی فنلند.

بە بەڕێزتان ڕادەگەیێنین، لە سۆنگەی بەرپرسیارەتی و لە نزیک ئاگاداربوون لە بەڕێوەچونی پرۆسەی خولەکە، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/ فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان بە هاوکاری سەنتەرەکانی ڕاهێنانی پێداگۆجی و پەرەپێدانی ئەکادیمی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دیداری سێیەمین خولی ڕاهێنانی پێداگۆجی سازدەکات، ئەم دیدارانە لە سێ ڕۆژی جیاواز لە سێ پارێزگای کوردستان ئەنجام دەدرێت و بە بەشداری بەڕێزان (پ.ی. د. ژاڵە سعید خطاط، پ.ی.د. ئامانج عبدالله سعید، د. اندام علي مصطفى) بەشێوەی خوارەوە:

**ڕۆژی یەکەمی دیداری سێیەمین خولی ڕاهێنانی پێداگۆجی:**
**شوێن:** شاری دهۆک/ زانکۆی دهۆک.
**ڕۆژ و ڕێکەوت:** ڕۆژی چوارشەمە ڕێکەوتی (٢٠٢٤/٢/٢٨).
**بەشداربووان:** بریتین لە سەرجەم مامۆستایانی پێداگۆجی لەگەڵ کاندیدەکانی خولی سێیەمی ڕاهێنانی پێداگۆجی لە (زانکۆی دهۆک، زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆک، زانکۆی زاخۆ، زانکۆی ئاکرێ بۆ زانستە کرداریيەکان، زانکۆی نەورۆز).

**ڕۆژی دووەمی دیداری سێیەمین خولی ڕاهێنانی پێداگۆجی:**
**شوێن:** شاری هەولێر/ زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.
**ڕۆژ و ڕێکەوتی:** ڕۆژی پێنجشەمە ڕێکەوتی (٢٠٢٤/٢/٢٩).
**بەشداربووان:** بریتین لە سەرجەم مامۆستایانی پێداگۆجی لەگەڵ کاندیدەکانی خولی سێیەمی ڕاهێنانی پێداگۆجی لە (زانکۆی سەلاحەددین، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، زانکۆی هەولێری پزیشکی، زانکۆی سۆران، زانکۆی کۆیە، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی).

**ڕۆژی سێیەمی دیداری سێیەمین خولی ڕاهێنانی پێداگۆجی:**
**شوێن:** شاری سلێمانی/ زانکۆی سلێمانی.
**ڕۆژ و ڕێکەوتی:** ڕۆژی یەکشەمە ڕێکەوتی (٢٠٢٤/٣/٣).
**بەشداربووان:** بریتین لە سەرجەم مامۆستایانی پێداگۆجی لەگەڵ کاندیدەکانی خولی سێیەمی ڕاهێنانی پێداگۆجی لە (زانکۆی سلێمانی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، زانکۆی گەرمیان، زانکۆی هەڵەبجە، زانکۆی ڕاپەرین، زانکۆی چەرمۆ، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی و زانکۆی قەیوانی نێودەوڵەتی).

ئەجێندای دیدارەکان:

| | کات |
|---|---|
| ناونووسین | ١٠:٠٠-٩:٣٠ |
| وتارەکانی دەستپێکی پرۆگرام | ١٠:١٥-١٠:٠٠ |
| هەر یەکە لە مامۆستایانی کاندیدی خولی سێیەمی پێداگۆجی لە ماوەی (٥) خولەکدا باس لەو کۆنسێپتانە دەکات کە لە ماوەی خولەکەدا کراوە، هەروەها باس لەو میتۆدانە دەکات کە چۆن ئەم کۆنسێپتانە لە ناو سیستەمی پێداگۆجی لە کوردستان جێگایان دەکرێتەوە. | ١١:١٥-١٠:١٥ |
| کۆفی برێک | ١١:٣٠-١١:١٥ |
| گفتوگۆی کراوە لە نێوان مامۆستایانی پێداگۆجی و کاندیدەکانی خولی سێیەمی ڕاهێنانی پێداگۆجی دەربارەی پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی کۆرسەکانی پێداگۆجی و ئاوێتەکردنی کۆنسێپتە نوێیەکان. | ١٢:٣٠-١١:٣٠ |
| وێنەگرتن و نان خواردن | ١:٣٠ |

**بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست... لەگەڵ ڕێزدا...**

**پ.ی.د. ژاڵە سعید خطاط**
بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان

**وێنەیەک بۆ:-**
- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ بۆ زانین/لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی پێداگۆجی و خولەکان/لەگەڵ بەرایبەکان.
- سەرۆکایەتی زانکۆ تایبەتەکانی (گەشەپێدانی مرۆیی/ لوبنانی فەرەنسی/ نەوروز/زانکۆی قەیوانی نێودەوڵەتی) / نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/ بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەرکردە.